# هەڵبژاردنەکانی تورکییە و هۆیەکانی سەرکەوتنی ئیسلامباوەڕان

خەلیل غەزەڵی

khalil.ghazali@gmail.com



هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایانەی تورکییە و سەرکەتنی دووبارەی پارتی داد و گەشە (AKP) و پاشان سەپاندنی بەربژاری خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماری، بێگومان وەرچەرخانێکی مێژوویی و جێگەی ڕامانە لە رەوەندی رووداوەکانی ئەم وڵاتەدا. ئاشکرایە ئەم گۆڕان و ڕووداوانە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە گەورەترین بەشی لەتکراوی نەتەوەی ئێمە واتا باکووری کوردستانەوە هەیە . بۆیە دەبێ هەر کەس و لایەن و بەتایبەت روناکبیران بەوردی لە ئەگەرکانی داهاتووی بکۆڵنەوە و بەتایبەت ئەوەی پێوەندی بە کێشەی نەتەوەکەمانەوە هەیە بە وردی شرۆڤەی بکەن.

سەرەتا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە بەشێکی بەرچاو لە نوخبەی کورد (بەتایبەت هاونیشتمانانی باکوور) ولایەنە سیاسی‌یەکان لە رەوەندی ئەم هەڵبژاردنانەدا هەڵوێستێکی ژیرانە و لە قازانجی داهاتووی گەلەکەمانیاندا گرد. هەڵوێستێک کە رەنگە ئێستە بەرهەم و ئاسەوارەکەی نەبینین ،بەڵام زۆر ناخایەنێ کە ڕاستی و دورستی لە رەوەندی ڕووداوەکانی تورکییەدا دەردەکەوێت.

هەڵبژێرانەوەی پارتی داد و گەشە (AKP) و وەدەسهێنانی زۆرینەیەکی باشتر لە ڕابردوو لە پارلێمان و پێشرەوی بۆ دەستخستنی پوستی سەرۆککۆماری دەبێ بە ڕووداوێکی گەورە(گەرچی چاوەروانکراو) بزانرێت.

ڕاستی ئەوەیە ئیسلام باوەڕەکان ئەمجارە بەپێچەوانەی سەردەمی "ئەربەکان"(1997) وەک هاوبیر و باوەریان هاتنە مەیدان و ئەزموونی تێك شکانی هەڵوێستەکانی دەوڵەتەکەی ئەربەکانیان لەپێش چاو بوو.

بۆ ئاگاداریی زۆرتری خوێنەران، لە نێوەی ئاخری 90ەکاندا "پارتی رێفاه" کە پارتێکی ئیسلام باوەڕ بوو،بە سەرۆکایەتیی نەجمەدین ئاربەکان توانی بە کەمایەتییەکی بانەوە، بچێتە پارلێمان و سەرەنجام دەوڵەت پێك بێنی. بەڵام هەڵوێستە بنازۆیەکانی ئەو پارتە کە ڕاستەوخۆ ڕاوەستان لەبەرابەر باوەڕەکانی ئەرتەش(وەک نوێنگە و پارێزەری سێکۆلاریزمی کەمالیستی) بوو، سەرەنجام بووە هۆی شێوە کودیتایەک کە بە کوودیتای سپی ناوبانگی دەرکرد و ئەرتەش بێ هاتنە سەر شەقامەکان و بە فشار خستنە سەر ئەربەکان، ناوبراویان ناچار بە دەست کشانەوە لە سەرۆکوەزیری و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتەکەی کرد. ئەو کردارانەی کە بوونە هۆی تووڕەیی لەشکر و ئێستە پارتی داد و گەشە ئەزموونی لێوەرگرتوون ،بەکورتی ئەمانە بوون: ئەربەکان کە پێی وا بوو بە پشتیوانیی پارلێمان و ئەو دەنگانەی بەپارتەکەی درابوو دەتوانێ ئامانجە ئیسلامی‌یەکانی بباتە پێش، دەسبەجێ کەوتە ئازادکردنی حیجابی ئیسلامی لە خوێندنگە و ئیدارەکان، گەشەدان بە مەدرەسەی دینی بەناوی خوێندنگەی "ئیمام خەتیب" ، دژایەتی کردنی ئیسرائیل (لە ڕووانگەی ئیسلامی‌یەوە)، و ڕەچاوکردنی شێوە سیاسەتێک کە تورکییەی لە ئامریکا و ناتۆ و یەکێتی ئوروپا دوور دەکردەوە و لەبەرانبەردا لە وڵاتە ئیسلامی‌یەکانی نزیک دەکردەوە. سەرجەم ئەو خاڵانە بوو کە ئەرتەشی هێنایە سەر ئەو ڕایە کە لە رێگەی دادگای یاسای بنەڕیتییەوە(کەلەدەست سێکۆلارەکاندا بوو) پارتی رێفاه بە دژبەری یاسای بنەڕیتی و باوەڕەکانی کەماڵ مستەفا بناسێنێ وهەڵوەشاوەی ڕابگەیەنێت. گەرچی

هاوبیرانی ئارباكان پاشتر حیزبی "فەزیلەت"یان دامەرازاند، بەڵام زۆری نەخایاند ئەو حیزبەش هەڵوەشاوە ڕاگەیەندرا . لەو كاتەدا كەش و هەواكە وا دەچووەپێش كە ئەگەری رادیكاڵە بوونی كۆمەڵگەی توركییەی تێدا بەدی دەكرا. بەڵام سەركردە ئیسلام باوەڕەكان لەباتی توندرەوی و بەدرەكی ئەوەی كە هەرچەشنە توندرەوییەك دەستی ئەرتەش بۆ سەركوتی خوێناویان ئاواڵەدەكات و هەموو خەون و خەیاڵەكانیان (لە مەڕ توركییەی ئیسلامی و خاوەنی گەورەترین ئیمپراتۆریی ئیسلامی) بەتاڵ دەبێتەوە، ڕێگەی لێبراڵی و نزیك بوونەوە لە یەكێتی ئورووپایان هەڵبژارد كە ئەویش بەرهەمی ئینشعاب لە نێو ئیسلام باوەرەكان و، لە هاتنە كایەی پارتی داد و گەشە(AKP) دا خۆی نیشاندا.

ئەم پارتە بەپێچەوانەی پارتەكانی ئیسلام باوەڕی پێشووی خۆی، بە ئاشكرا ڕادەگەیەنێت كە بە بنەما فیكریەكانی كەماڵیزم و سێكۆلاریزم پێبەندە و تا ئێستا زۆرترین هەوڵی ئەوە بووە كە ئەرتەش ئارخایەن(دڵنیا ) بكات كە هیچ پیلانێكیان بۆ ئیسلامی كردنی دەسەڵات و دەوڵەتی سێكۆلاری توركییە نییە.

بەڵام ڕاستی ئەوەیە كە هەموو ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی سەركردەكانی پارتی داد و گەشە، لەلایەن سێكۆلارەكان و بەتایبەت ئەرتەشەوە بە شك و گومانەوە چاوی لێكراوە. هەر ئەوەشە تا ئێستاچەندین جار ئەرتەش بە ئاشكرا هەڕەشیی كودیتای لێكردوون.

ئەرتەشی توركییە لانی كەم تا ئیستا چوار جار بەشێوەی ئاشكرا و دیار كودێتای كردوە و چەندین جاریش ، پێش ئەوەی كار بگاتە كوودێتا، رەوەندەكەی بە قازانجی خۆی گۆڕاوە و ڕا و نەزەری خۆی بەسەر رەوتی سیاسی ولات(توركیە)دا سەپاندووە.

پاساوی زەخت خستنە سەر ئاربەكان(سەۆركی پارتی رێفاە) ،و سەرنجام شیوە كودێتا(ناچار كردن بە دەستكێشابەوە لە دەسەڵات لە رۆژی ئاخری مانگی فووریەی 1997) ئەوە بوو كە:

یەكەم: حیزبی ڕێفا ،حیزبێكی ئیسلامباوەڕە و بە كەڵك وەرگرتن لە دواكەوتوویی خەڵك و بارییەكانی دێموكراسی(ئازادی هەڵبژاردن)دەیەوێت بەرە بەرە سیستەمی لائیكی توركییە وەلا نێت و یاسا و دەسەڵاتی شەریعەت و ئیسلام لە جێگەی دانێت.

دووەم: ئارباكان و حیزبەكەی بانگەشەی مەزهەب دەكەن و دژی نەتەوە دەوەستن هەر بەو پێیەش دژی رۆژئاوا دەدوێن و كۆمەلانی خەڵك لەباتی بەرو پێش چوون، بۆ دواوە دەگێڕنەوە كە ئەمە دژایەتی كردنی كەمالیزمە كە ئامانجی بە ئورووپایی كردنی توركییە بوو.

سێهەم: ئارباكان و حیزبەكەی دژی عیلمانییەتن و دەیانەوی دین بكەنە سەرچاوەی دەسەڵات و ژیانی خەلك و تێكەڵی دەسەلاتی بكەن. كە نموونەی بڕەودانی خویندنگە دینیەكانە(پێشتر ئاماژەی پێكرا). كە بەتەواوی دژی باوەڕی كەمال مستەفایە.
بەم ئامانجانەوە ئەرتەش دەوڵەتی ئارباكان وەلا دەنێ. كە زۆركەس بە كوودیتای ناو دەبەن.

ئیمڕۆ گەر چاو لە پارتی داد و گەشە(AKP) بكەین، لە زۆر خاڵ دا هەمان پارتەكەی نەجمەدین ئارباكانە. بەڵام پرسیار ئەوەیە كە بۆچی ئەرتەش وەك بەئاسانی ئارباكانی هەلداشت، نەیتوانیوە ئەردۆغان یش هەڵداوێ؟

یەكێك لە گەورەترین هۆكارەكان هەر ئەوەیە كە پێشتر باسكرا، واتا دەرس وەرگرتنی (AKP) لە هەڵەكانی رێفاە و فەزیلەت و وەك لیبراڵ هاتنە مەیدان. بەڵام بێگومان هۆكاری دیكەش هەن كە پێشیان بە ئاواڵە هێشتنی دەستی لەشكر لە كوودێتا گرتووە.

ئەو هۆكارانە بەكورتی دەكرێ بەم شێوە دەسنیشان بكرێت: بەهۆی پێشكەوتنی جیهان، تا دێت دەستی

ئەرتەش لە سیاسەتدا کەم دەبێتەوە و ئیستە ئیتر لەشکری تورکییە ناتوانێ وەک جارانی پێشوو هەروا بەئاسانی تۆپ و تانگ و سەرباز بڕژێنێتە سەر شەقامەکان و سیاسەتوانان زیندانی بکات و دەوڵەتی نیزامی پێک بێنێت. ئەگەرچی ئەوە بەو مانا نییە کە لەشکر بەهیچ شێوەیەک کوودێتا ناکات. چوونکە ئێستاشێ لەگەڵ بێت، سەرکردەکانی ئەرتەش ئێستەش (لانی کەم لە سێبەردا) لە سیاسەتی دەولەت چ لەباری ناوخۆ و چ لەباری دەروە دەخالەت دەکەن، بەڵام ئێستا هەزینە و باجی کوودێتا بۆ ئەرتەشەکان هێندە چووتە سەر کە مەگەر وەک ئاخرین ڕێگە، هەڵیبژێرن. ئەمە بەتایبەت تورکییە و ئەرتەشەکەی کە بەتەواوی وابەستە بە ئامریکا و ناتۆ(یەکێتی ئورووپا)یە دەگرێتەوە. پارتی دادوگەشەش ئەم ڕاستی‌یە هەست پێکردووە و ئەوەیە هەمیشە رۆیشتن بۆ ناو کۆمەڵگەی ئورووپا و پشتیوانی وڵاتانی ئورووپایی لە "دێموکراسیی" تورکییەی وەک ئەهرۆمی پێشگرتن لە کوودێتا بەکار هێناوە. هەر ئەوەشە کە لەم ماوەی ڕابردووەدا کە سەرانی لەشکر چەندجار هەڕەشەی کودێتایان کرد، یەکێتی ئورووپا بە دەرکردنی بەیانی فەرمی، داوای لە ئەرتەش کرد خۆی لە سیاسەت هەڵنەقوتێنێ و تەنانەت هەڕەشەی بڕینی یارمەتی نیزامی و گەمارۆ یان لێکرد.

هەروەها یەکێک لە ئاواتەکانی کەماڵ مستەفا ئورووپایی کردنی تورکییە و دوورخستنەوە لە "وڵاتانی دواکەوتوو"ی ڕۆژهەڵاتی ناوین بووە. ئەوەی کەچەندە تورکییە پێشکەوتووە ئامانجی ئەم نووسینە نییە ، بەڵام ئەرتەش وەک میراتگری کەمالیزم ، ئورووپایی کردنی تورکییە بە ئامانج دەزانێ و ئەوەش باش دەزانێ کە لەم سەردەمەدا هەر کودێتایەک ئەو ئامانجە کوێر دەکاتەوە.

خالێکی دیکە هەلومەرجی ئیمرۆی ناوچە و ئێراق و کوردستانە. بێگومان لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا هەرچەشنە کوودێتایەک ئیمکانی چالاک بوونی بەربەرەکانی دژی کوودێتاچیان لە لایەن تەیارە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەوە زیاتر دەبێت ،کە ئەمە سەقامگیریی تورکییە دەخاتە مەترسیی‌یەوە و ئەگەری شەڕێکی ناوخۆیی کە ئیسلامی سیاسی لایەنێکی دەبێت ، دێنێتە گۆڕێ، هەروەها کیشەی کوردیش کە بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، گرفتی زۆرتر بۆ کوودێتاچییەکان دێنێتە ئاراوە.

بە هۆی ئەو خاڵانە و زۆر هۆی دیکە ،لەشکری تورک تا ئێستا خۆی لە کوودێتا و تەنانەت بەرپاکردنی شەڕێکی دەرەکی(باشووری کوردستان) پاراستووە ،لەکاتێکدا گەر چاو لە کوودێتاکانی پێشوو بکەین دەبینین ،هیچکات هەلومەرجی ئەوکات بە ڕادەی ئێستا بۆ کەمالیزم و دەسەڵاتی ئەرتەش مەترسیدار نەبووە. ئەلبەت هەروەک پێشتریش باسیکرا، ئەو هەڵوێستەی لەشکر نابێ هەتا هەتایی چاوی لێبکرێت و هەرکات ژێنراڵەکانی ئەرتەش هەست بەوە بکەن کە چیتر "موداراکردن" کەمالیزمەکەیان لەناو دەبات،ئیمکانی کوودێتا یا خۆهەڵقتان لە سیاسەت بەمەبەستی گۆڕانی وەزع بە قازانجی خۆیان لەبیر ناکەن.

کاتێک باسی پێشڕەوی ئیسلام باوەڕەکان و بەدەستەوەگرتنی پارلیمان و دەولەت و پۆستی سەرۆککۆماری دەکرێت، جێگەی خۆیەتی (گەر بەکورتیش بووە) باسی ئەو هەلومەرجە بکرێ کە بواری ئەو پێشڕەوییەی بۆیان خۆشکردوە.

هەموو دەزانین کە یەکێک (و ڕەنگە گرینگترین)ئامانجی کەماڵ مستەفا هێدایەت کردنی تورکییە بەروە وڵاتێکی بەتەواوی سێکۆلار و روو لە ڕۆژئاوا بوو. ئەوەش دیارە کە هەر لەکاتی پێکهاتنی تورکییە لەسەر کەلاوەکانی ئیمپراتۆریی تێکشکاوی عوسمانی‌یەوە تا ئەمڕۆ، بێ‌پسانەوە بۆ ئەو مەبەستە هەنگاو هەڵگیراوە و لەم بوارەدا بە رەها کردنی ئەرتەش و هیزی ئەمنیەتی(میت) ، هەوڵدراوە هەرچەشنە ئاسەوارێکی مەزهەب لە سەرو سیمای تورکییە بشۆردێتەوە و ڕواڵەتێکی سێکۆلار و ڕۆژئاوایی بگرێتە خۆی. بەڵام وەک دەبینین پاش زیاتر لە 70 ساڵ و پاش هەوڵدانی هەمە لایەنە بۆ ئەم مەبەستە و تەنانەت بەکارهێنانی زەخت و زۆر و یاساخ کردنی مەزهەب لە رووالەتی کۆمەڵگەدا، ئیمڕۆ کۆمەڵگەی تورکییە یەکێک لە

مەزهەبی‌ترین وڵاتانی ئیسلامی‌یە و تەناقوز و دژایەتییەکی قووڵ لەنێوان کۆمەڵگە و سیستەمی زاڵی حکوومەتیدا بەدی دەکرێت. کە ئەنجامەکەی لە هەڵبژاردنی (تا ڕادەیەک ئازاددا) دەبینین. کە ئەویش سەرکەوتنی پارت و فیکری ئیسلام باوەڕە.

ئاشکرایە هیچ ئینسانێک هیچ فیکر و دیاردەیەک بە زۆر قەبووڵ ناکات، هەر ئەوەشە کە دەبینین حەرەکەتەکەی کەماڵ مستەفا، پاش 7 دەیە، تووشی شکست دێت و نەک هەر ئیسلام و سونەتگەرایی لەنێو نەچووە، بەڵکوو ئێمە بەپێچەوانەکەی دەبینین. واتا ئەوە سێکۆلاریزم و عیلمانییەت(بە سەبکی ئاتاتورک)ە کە خەریکە دەکەوێتە گیانەڵا.

بێگومان ئەو هەلومەرجە هەروا لەخۆڕا نەهاتووەتە گۆڕ. شکستی یەک لە دوای یەکی ئابووری و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری- کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی لە ڕادەبەدەری دەوڵەتە سێکۆلارەکانی دالّدەدراوی دەستی ئەرتەش، بەکار هێنانی زەخت و زۆر لە کۆمەڵگە و سڕینەوەی کەلتوور و بنەمای ئیسلامیی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دەسکرد و بەزبری لەشکەر و میت؛ دەیان قەیران و ناتەبای دیکە کۆمەڵگەی بەروە ئەو بڕیارە کێشاوە کە بە هێنانە سەرکاری ئیسلامباوەڕەکان، خۆیان لەو هەموو قەیران و ناعەدالەتی و بشێوەیە دەرباز بکەن. هەر ئەوەشە کەلە هەڵبژاردنی تا ڕادەیەک ئازاددا لە ساڵی 2002 پارتی داد و گەشە( کە ڕێبەرەکەی بە هۆی خوێندنەوەی شێعرێک) لە سیاسەت مەنع کرابوو، لە کاتێکدا "سێکۆلارەکان" هیچ چاوەڕوانیان نەدەکرد، ڕێژەیەکی گەورەی لە موتمانەی خەڵکی بەدەست هێنا.

وەک باسکرا ئەو سەرکەوتنەی ئیسلام باوەڕەکان بەم هۆیانەی خوارەوە بوو: قەیرانی ئابووریی قووڵ و سەرهەڵدانی ئاوسانێکی نزیک بە سێ ژمارەیی ، بوونی گەندەڵییەکی ریشەیی لە دامودەزگای دەوڵەتیدا کە بۆ سەیری زەمانە ئیدیعای دێموکرات و سێکۆلار بوونیشی هەیە. هەموو ئەمانە ببوونە هۆی داڕمانی ئابووری و ئاستی ژیانی خەڵک تا ئەو ڕادەیە تورکییە ببووە یەکێک لە قەرزارترین وڵاتانی جیهان. هەموو ئەمانەش لەسەر دەستی ئەرتەش و حیزب و دەستە سێکۆلارەکانی لایەنگری کەمالیزم پێکهاتبوون.

دیارە دەبێ نەبوونی ئازادی، ڕەهابوونی دەسەڵاتی لەشکر و میت و ... وەک هۆکاری دیکەی ئەو ناهومێدی و رووکردنە ئیسلامباوەڕەکان باسبکرێت.

لە بەرابەردا ئیسلام باوەڕەکان هەر بە هاتنە سەرکار، بە بێ ئەوە وا خۆیان نیشان بدەن کە هەوڵی گۆڕانی سیستەمی سێکۆلاری کەمالیستی دەدەن، هەوڵێکی چڕ و پڕ یان بۆ نزیک بوونەوە لە یەکتی ئورووپا ،بەمەبەستی چوونە ناو ئەو یەکێتی‌یەوە دەستپێکرد . بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی ناوچە و جیهانی لەو سەردەمەدا، ئورووپا و ئامریکا، پێیان خۆش بوو کە ئیسلام باوەڕەکان لە ئۆپوزیسیونەوە بگوێزنەوە بۆ پوزیسیون. بۆیە کەوتنە پشتیوانی و یارمەتیدانی دەوڵەتی پارتی داد و گەشە. لەبەرانبەردا ئەردۆغان و هاوبیرانی دەستیاندایە هێندێک ڕیفورم و لەباری ئابوورییەوە هێندێک سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. شانبەشانی ئەمانە، بە دنە و پشتیوانیی یەکێتی ئورووپا هێندێک سووکە هەنگاویان بۆ کورت کردنەوەی دەستی ئەرتەش لە سیاسەت و ناوەندەکانی دەسەڵات هەڵگرت. دیارە هەر ئەو پشتیوانییەی ئورووپا بوە گارانتیەک کە لەشکەر (بە پێچەوانەی سەردەمی ئارباکان) کوودێتا لە دەوڵەتی ئەردۆغان نەکات.

ئەردۆغان هەر کە هاتە سەر دەسەڵات فیکری خۆی "دێموکرات - کونسێرڤاتیف" ڕاگەیاند کە باوەڕی بە ڕیفورمی قووڵی دێموکراتیک لەسەر بنەمای پاراستنی سونەت و فەرهەنگی "ڕەسەن" هەیە. لەماوەیەکی چەند ساڵەدا (هەروەک باسکرا)بە هاوکاریی یەکێتی ئورووپا هێندێک ڕیفورمی لە قەوارەی حکوومەتی پێک هێنا کە مەبەستی ئەو ڕیفورمانەی دەقدانی نورمەکانی دەسەڵات لەگەڵ نورم و خواستی یەکێتی ئورووپا ڕاگەیاند. شانبەشانی ئەو ڕیفورمە ئیدارییانە ، هێندێک گۆڕان لە ناوچە کوردنشینەکانی باکووری

کوردستانێش ،وەک هێندێک ئازادیی کەلتووری جێبەجێ کرا.

کۆی ئەو ڕێباز و سیاسەت و ڕیفورم و باشتر کردنی دۆخی ئابووریە بووە هۆی ئەوە کە پارتی داد و گەشە تا ڕادەیە زۆر باوەڕ بەخۆی پەیدا بکات، ئەوە بوو سەرەڕای ئەوەی خۆی دەیزانی کۆسپی زۆری لەپێشە ، هەنگاو بۆ داگیرردنی پۆستی سەرۆککۆماری( وەک نوێنگەی ئاتاتۆرکی سێکۆلار و علمانی) هەڵبگرێت. کە ئەنجامەکەی ئەو قەیرانە سیاسیە بوو کە لە چەند مانگی ڕابردوودا شاهێدی بووین و سەرەنجام بە هەڵبژاردنی پێش وادە و سەرکەوتنی زۆرتری AKP و داگیرکردنی پوستی سەرۆککۆماری (عەبدولا گوێل) تا ئێستە هاتووە.

زۆر کەس وایان چاوەروان دەکرد کە بردنەوەی هەڵبژاردن لەلایەن پارتی داد و گەشەوە(AKP)، لەشکەر بێدەنگ نابێ و کودێتا دەکات. بەلام وەک دیتمان ، AKP زۆربەی کورسیەکانی پارلێمانی بەدەست هێنا هیچ، بەکەڵک وەرگرتن لە ڕادەی بەرزی لە پارلێماندا، کاندیدای خۆی بۆ پۆستی سەرۆککۆماریش بردە "چانکایا"وە 1.

دیارە ئێستەش شەڕی نێوان ئەرتەش و پارتی دادوگەشە کۆتایی نەهاتووە و تەحەمول کردنی کەسێکی ئیسلامباوەڕ کە ژنەکەی سەرپۆش بەسەرە و لە دەست دان لەگەڵ پیاوان خۆ دەدزێتەوە، لەجێگەی "باوکی تورکان"(ئاتاتورک) ،بۆیان هەزم ناکرێ و گەرچی لەو لاشەوە عەبدولا گوێل هەموو هەوڵی خۆی خستووەتەگەر کە بیسەلمێنی دژاتەریی نیزامی سێکۆلاری تورکییە ناکات. بەلام هەرچی هەیە هیچ لایەکیان باوەری بەوی دیکە نییە و بەتایبەت لەشکەر لە بیانوویەک دەگەڕێ کە بەدەستەوەی بگرێ ، کە بە هەزینەیەکی کەم نەک هەر سەرۆککۆماری ئیسلامباوەڕ(عەبدولاگوێل) ی پێ وەلانێت، بەڵکوو تا ئەو ڕادە بچێتە پێش کە دەوڵەتەکەی پارتی AKP شی پێ برووخێنێ. بەلام ئەوە ڕەوەندی ڕووداوەکانن کە نیشانی دەدەن کە ئایا ئەرتەش مل بە واقعییەتەکان دەدا و تا سەر پارتی دادو گەشە تەحەمول دەکات یا ئەوەی پێ لەسەر هەموو چت دادەنێ و بە کوودێتایەک تورکییە دەگوێزێتەوە بۆ ناو جیهانێکی دیکەی پر لەقەیران و ئایەندەی تاریکتر و نا ڕوونترەوە.

ئەڵبەت لەو لاشەوە ئیسلامباوەڕەکان کە لەدەسەلاتدان، ئیتر ناتوانن وەک سەردەمی بێدەسەلاتی قسە بکەن و هەڵوێست بگرن. بۆیە ئەگەری دوورکەوتنەوەی خەڵکیش لەمان بەدی دەکرێت. لەبەر ئەوەی ،ئەمان کە فەلسەفەی بوونیان لەسەر باوەڕە ئیسلامییەکانە، دەبێ لەئاست لەشکەر دایبەزێنن، دۆستی ئامریکا و تەنانەت ئیسرائیل بکەن، لە ڕیفورمەکانیاندا بۆ ڕۆیشتن بۆ یەکێتی ئورووپا دەبێ پەرەدەر یا لانی کەم پارێزەری سێکۆلاریزم بن وهەزار گێرە و کێشەی دیکە کە هیچ نزیکایەتییەکیان لەگەڵ باوەڕی ئیسلام نییە!! بۆیە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی ئەوتۆ پارتی داد و گەشە تووشی پارادوکسالی جیایی ئیدیعا و کردەوە دەکات و کۆمەلانی خەڵک شوبهەی ئەوەی لێدەکەن کە بۆ پاراستنی دەسەلات پرەنسیپە ڕاگەیەندراوەکانی فەرامۆش دەکات. کەئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی پرینگانەوەی بەشێک لە دەنگدەران لەو پارتە. هەروەک حەرەکەتەکانی تا ئێستای عەبدولا گوێل چەشنێک شەرمەزاریی بۆ ئەو پارتە بار هێناوە.

هەڵبژاردن و دەوری کوردان

لە سەرەتا باسی دەوری کوردانم کرد و ئاماژەم بەوەدا کە لەم هەڵبژاردنەدا خاوەن هەڵوێستێکی گونجاو بوو. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەم هەڵبژاردنە بەشێوەیەک ببووە ململانێی نێوان سێکۆلارەکان و ئیمانییەکان. بێگومان کورد لەم نێوانەدا نەیدەتوانی ڕوو لە لایەکیان بکات واتا لەگەڵ لایەک ئیئتلافی بکردایە کە ئەنجامەکەی دەبووە بەربەرەکانیی لایەنەکەی دیکە.

هۆیەکەشی دیارە ، ئێمە خاوەن پرسی نەتەوەیین و بەگشتی باوەڕی ئیدیئولۆژیکی تێکەڵ سیاسەت نابێ

بکەین. بۆیە لەلایەک نەدەکرا لەگەڵ ئیسلامباوەڕەکان کەوتباین. و لەو لاشەوە لایەنی سێکۆلارەکان لە ڕاستیدا هیچ تایبەتمەندییەکی دێموکراسی خوازییان تێدا بەدی ناکرێ. چوونکە هەموویان نوقمی کەماڵیزم و لە ژێر سێبەری ئەرتەشدا دەحەسێنەوە. بەداخەوە لایەنی سێهەمیش لەم نێوانەدا بەدی نەدەکرا کە هەم دێموکرات و سێکۆلار بێت و هەم مافی نەتەوەیی ئێمە بسەلمێنێ. بۆیە کورد بەهەڵوێستی خۆیەوە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەبوا بەشداریی هەڵبژاردنی کردای کە لە رووالەتدا وا بوو. بۆیە دەڵێم لە رووالەتدا، چوونکە هێزە سیاسی‌یەکان و بەربژارە سەربەخۆکان ، لەگەڵ هیچلایەک نەچوونە ئی‌ئتلافەوە، بەڵام وەک دیتمان پاش هەڵبژاردنەکان دەرکەوت کە پارتی داد و گەشە لە کوردستان و لە نێو کوردانی دانیشتووی ئیستانبووڵ(ئەم شارە ژمارەیک زۆر کوردی لێدادەنیشی) دەنگی زۆری هێنابووەوە. قازانجی ئەو هەڵوێستەی نوخبەی کوردی لەوەدایە کە یەکەم ، بە هویەت و ناسنامەی خۆیەوە بەشداریی هەڵبژاردنی کرد. دووەم، لە شەڕی نێوان سێکۆلارە کەمالیستەکان و ئیمانییە کەمالیستەکاندا ناکەوێتە نێوان بەرداشی ئەو دوولایەنەوە. بەتایبەت گەر بێتوو کوودێتایەک بێتە ئاراوە، دیواری هیچکەس لە کوردان کورت تر نییە بۆ موحاکمەکردنیان بەتاوانی لەنێوبردنی کەماڵیزم و "جیاوزی خوازی" و ....

هەڵوێستی تا ئێستای فراکسیونی کورد لە پارلێمانی تورکییە ژیرانە و ئایەندە بینانە بووە، وتا ئێستا دوور لە هەرچەشنە توندرەوی یا پاسیفیسمێک جووڵاونەوە و بەشێوەیکی لوژیک و دوور لە هەرو ا هوریا و بیانوو داتاشین بۆ شوێنییتە سێکۆلار و موسوڵمانەکان شوێن مافەکانی نەتەوەییان گرتووە. گەرچی کەمالیستەکان(عیلمانی و ئیمانی) بە داتاشینی کۆسپی دەسکرد و بە بڕ و بیانوو پێشیان بە بەشداریکردنی زۆر تاکی خۆشناو و جێ موتمانەی هاونیشتمانانی کوردمان(لەوانە تێکۆشەر لەیلا زانا) گرت و تا ڕادەیەک پێشیان بە چوونە سەری ژمارەی پارلێمانتاری کورد گرت،بەڵام هەر ئەو ژمارە پارلێمانتارەش وەک تا ئێستا نیشانیان داوە دەتوانن نوێنەری ڕاستەقینە و بەئەمەگی هاونیشتمانەکانمان بن. هیوای سەرکەوتن بۆ هاونیستمانانی باکوور ، تێکۆشەرانیان وفراکسیونی کورد لە پارلێمانی تورکییە دەخوازم .

لە کۆتاییدا پێمخۆشە سەرنجی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە باشووری کوردستان بۆ ئەو ڕاستی‌یە ڕاکێشم کە دەبێ لە گەندەڵی و ئەو هەلومەرجەی لە تورکییە هاتووەتە گۆڕی دەرس وەرگرن. چوونکە گەر بێتوو پێش بە گەندەڵی ئیداری و "تەفەگسالاری" نەگرن و هەوڵی دامەرزانی دەسەڵاتی یاسا نەدەن، نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک دەگاتە ئەو جێگە کە یا دەبێ بە زەبری تفەنگ دەسەڵاتەکەیان ڕاگرن و بچنە ریزی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی رۆژهەڵاتی‌یەوە ،یا لە پڕۆسەیەکی کورت ماوەدا ئالتێرناتیڤیان سەرهەڵدەدات. کە بەداخەوە ئەویش نەک رەوتێکی دێموکراتی باوەڕ بە دەسەڵاتی خەڵک، بەڵکوو یەک دوو هێزی ئیسلامیی دەسکردی بێگانە دەبن. کە بەداخەوە بێجگە لە خشتەبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان هیچ دەسکەوتێکی بەدواوە نابێت.

خەرمانانی 2707

1 – چانکایا (**çankaya**) : کۆشکی سەرۆککۆماریی تورکییە لە ئانکارا.